گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤايەتييەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue 1706 2024
ID No. 1706 (PP 116-126)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpC.7

توێژینەوە

# بەڕێوەبردنی هەواڵنامە و سیخورییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە (عێراق و ئیران) لە(334-590ك/945-1191ز) توێژینەوەیەکی (مێژوویی شیکاری و بەراوردکارییە)

**هۆشمند باپیر عثمان**/ بەشی مێژوو،كۆلێژی ئاداب،زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق
**ئاكۆ بورهان محمد**/ بەشی مێژوو،كۆلێژی ئاداب،زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر،هەولێر،هەرێمی كوردستان،عێراق

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (بەڕێوەبردنی هەواڵنامە و سیخورییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە عێراق و ئیران )لە (334-590ك/945-1191ز) ئاشامان دەكات بە سیستەمی فەرمانڕەوای و کارگێڕی هەردوو دەسەڵات و خستنە رووی وێنای بەڕێوەبردینی هەواڵنامەو سیخورپکاریەکان کەوا پێگەیەکی گرنگ و تایبەتی خۆی هەیە لە نێو سیستەمی فەرمانڕەوایی و کارگێریی و بەرێوەبردندا، دەکرێت ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی فراوانی سنوری دەسەڵاتیان و لەلایەکی دیکەشەوە تێکەڵاو بوون بە کۆمەڵێك گەل و نەتەوەی جیاوازەوە بوویێت، کە لە ژێرسایەو سێبەری خەلافەی عەبباسیەوە دەسەڵاتی خۆجیی و بەڕێوەبردنیان هەبووە، ئامانج لەپەرەپێدانی ئەم سیستەمە، کۆکردنەوەی زانیاری بوو لە نەیاریەکانیان و لەناو بردنی چالاکیە دوژمنکاریەکانیان بووە دژبە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنیانەوە. دەکرێت بگوترێت بەهۆی هەستیاری بابەتەکەوە کە زۆربەی کارو چالاکیەکانی بە نهێنی و شاراوەیەوە بەرێوەبرداوە بۆیە مێژوو نووسان کەمتر زانیاریەکانیان لەو بارەیەوە خستۆتە روو.

CORRESPONDENCE
هۆشمند باپیر عثمان
hoshmand.othman@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/29
پەسندکردن 2024/06/12
بڵاوکردنەوە 2024/12/15

**وشە سەرەکییەکان:**
هەواڵگری،
سیخور ،
بوەیهیەکان،
سەلجوقییەکان،
میر،
سوڵتان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی ( بەڕێوەبردنی هەواڵنامە و سیخورییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە (عێراق و ئیران) لە (334-590ك/945-1191ز) ئاشنامان دەکات بە سیستەمی فەرمانڕەوای و کارگێڕی هەردوو دەسەڵات و خستنە ڕووی وێنای بەڕێوەبردینان، هەواڵنامەکان و سیخوڕیکاریەکان پێگەیەکی گرنك و تایبەتی خۆی هەیە لە نێو سیستەمی فەرمانڕەوایی و کارگێریی و بەریوەبردندا زانیاری و ڕێکخستنی کارە، ئەمیش تەنها پەیوەست نییە بە کۆکردنەوەی زانیاریەکان، بەڵکو بەدەرهاویشتەو شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان، لە ڕێگای ئەوانەوە گەیشتن بە ئەنجامی دیاریکراو بۆ خستنە ڕووی بەرنامەی کار کەخزمەتی سیاسەتی پێویستی ئاسایشی دەوڵەت بکات لە بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا، لەبەر ئەوەی کارگێری هەواڵنامەکان و سیخوریکاری ڕەگەزێکی بنچینەییە لە پشکنین و گەیشتنە مەبەست لە بارەی نیازو نەیارانی وڵات.

لەم ڕوانگەیەوە وەستان لەسەر هەواڵنامەکان و سیخوریکاریەکان بۆتە ئەو پێداویستە پێویستیانەی کە بەرژەوەندی هەر سیستەمێکی کارگێڕی دەوڵەتێك خوازیاریانە، جا ئەوە لە کاتی ئاشتی بێت یاخود کاتی شەڕ، هەر کەسێ لەو سەرچاوە مێژوویانە هاوچەرخی ئەو ماوەی کە لێیدەکۆڵینەوە بتوێژێتەوە، گەواهی تا ئاستێك بەرچاو دەکەوێت کە نیشانەی گرنگی و بایەخی دانی میرەکانی بووەیهیی و سوڵتانە سەلجوقییەکانە بەم کارە لە نێو سیستەمی فەرمانڕەوایی کارگێڕی و بەڕێوە بردنیاندا لە ناوچەکانی سنوری دەسەڵاتیان لە، عێراق و ئێراندا، بێگومان ئەم لایەنەش پێوستی بە بوونی کارگێرێکی زۆر ڕێك و پێك کرد بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، لە پێناو ئاگاردکردنەوەیان لە گشت پێشهاتەکان کە پەیوەندی بە تەواوی لایەنەکانی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنەوە هەبووە، بۆ ئەوەی بتوانن لەبەر ڕۆشنایی ئەم زانیاریانە بڕیار و کۆشش گونجاو بدەن، ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە بەڕێوەبردنی هەواڵنامەکان و سیخوریکاری و لەگەڵ خستنەرووی ئەرك و کارەکانی، دواتر شۆرکردنەوەیان بۆ نێو داموودەزگانی وڵات لە بەڕێوەبردندا، تەنەنات تا ئاستی گەیشتن بە زانیاری لەدەرەوەی سنوری دەسەڵاتیان، هەروەها ئەو ڕێگایانە خراونەتەڕوو کە بەکار هاتوون بۆ بەڕێوەبردنی کارگێری هەواڵنامەکان و سیخوریکاریەکان، بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەوا کۆمەڵێك زانیاری خراوەتە ڕوو دەربارەی کارگێری هەواڵنامەکان و سیخوریکاریەکان ماوەی نێوان هەردوو دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان دواتر بەراورد و شیکاری بۆکراوە، لە کۆتایشدا ئەنجام و سەرچاوەکان خراونەتە ڕووو.

### 1-1 گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەنوێنێ، کە یەکەم کاری زانستی و مێژوویی بەراوردکارییە لەدوای بەدواداچوونمان دەربارەی (بەڕێوەبردنی هەواڵنامە و سیخورییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە عێراق و ئیران) لە نێوان (334-590ك/945-1191ز) . کە زیاتر جەختکردنەوەیە لە کاری بەراوردکاری لەم کارنامەیەدا و بەوردی ئاماژەی پێکراوە.

### 2-1 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە سەرەڕای گرنگیدان بە بەڕێوەبردنی هەواڵنامەکان و سیخوڕکاریەکان لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان بریتییە لە خستنەڕووی لایەنێکی گرنگی کارگێڕی و بەڕێوەبردنیان بەراوردکردنیان لە عێراق و ئێراندا لەماوەی هەردوو دەسەڵاتدا لە (334-590ك/945-1191ز) دا.

### 3-1 میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوەکە: پەیرەو لە میتۆدی مێژوویی شیکاری و بەراوردکاری کراوە

## 2- بەڕێوەبردنی هەواڵنامە و سیخورییەکان لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان و سەلجوقییەکان لە عێراق و ئیران لە (334-590ك/945-1191ز)

دەربارەی هەواڵنامەکان و سیخوڕییەکان (القلقشندي) ووتویەتی: بە شێکە لە بناغەی پاشایەتی و پایەی شانشینی، خاوەنی دیوانی ئینشا چاودێری دەکات، بەڕێوەبردن و هەڵبژاردنی پیاوەکان و ئاراستە کردنیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت لە بابەتی سیخوڕیدا وریاتربێت لە نێردراوەکانی پۆستە و نێردراویدا، لەبەر ئەوەی نێرراو دەچێتە لای دۆست و دەچێتە لای دوژمن، بەڵام سیخوڕ تەنها بۆ لای دوژمن دەڕوات، ئەگەر بڕوای بەسیخوڕ کرد، بۆ ئەوە دەچێت کەو دەیهێنێت و، پشتی پێی دەبەستێت(1985، ج1/ 159)، هەروەها گووتراوە:((ئەو ناوەیە بەو فەرمانبەرە گوتراوە کەوا سوڵتان بەسەر پایتەختی ولایەتەکانەوە دایدەنێت، کارەکەشی بریتیە لە

گواستنەوەی هەواڵ بۆ سوڵتان مەبەستیش لەمە ئاگادارکردنەوەیەتی لە هاتنی کەسانی نامۆ و بابەتی دیکەش، ئەوەی بەم کارەش هەڵساوە زۆربەی جار نامەبەر بووە(آن دوزي، 2000، ج13/4)، تەنانەت (الماوردی) لەم بارییەوە ووتویوتە:((ئەرکی فەرمانڕەواکانە کەوا گرنگی بە هەواڵنامەکان بدەن بۆئەوەی هەرکاتێك بتوانێت هەواڵی نەیارو دوژمنانی بزانێت)(د.ت/209).

ئەو مەرجانەی دەبێت لە هەواڵگر(سیخوڕ) هەبێت، پێویستە لە وانەبێت کە متمانەی بە ڕاستگۆیی و ئامۆژگاریەکانی دەکرێت، لەبەر ئەوەی کەسی تۆمەتبار سوود لە هەواڵەکەی نابینرێت ئەگەر ڕاستیش بێت(القلقشندي، 1985، ج1/ 159).

**یەکەم: ڕێگاکانی هەواڵنامەو سیخوڕییەکان**

**١- ڕێگەی مرۆیی:**

**٢- ڕێگەی باڵندە :**

1- **1- ڕێگەی مرۆیی:**

لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان لەو ڕێگایانەی بۆ هەواڵگری و سیخوڕی بەکاریان هێناوە دەکرێ ناوی بنێین هەواڵگری مرۆیی هەروەك ئەوەی (معز الدولة)(334-356ك/945-966ز) کاروباری ئەسپسوارەکانی ڕێکخست و پارەیەکی زۆری پێدان مەبەست لەمەش بۆ گەیشتنی هەواڵەکان بە (رکن الدولة)(334-366ك/945-976ز) برای لە هەرێمی چیا(ابن لاثیر،1997،ج267/7؛ سبط ابن الجوزي،2013، 226/17) بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان ئەمە بەدیکراوە وەك ئەوەی سوڵتان (سنجر بن ملكشاه)(511-552ك/1117-1157ز) بڕە پارەیەکی زۆری تەرخانکردبوو بۆ ئەم بوارە بەمەبەستی گەیشتنی زانیاری لە ڕێگەی هەواڵنامەکانی(القلقشندي، 1985، ج2/ 37).

**2- 1- ڕێگەی باڵندە:**

یەکێك لەو ڕێگایانەی کەوا بووەیهیەکان بۆ هەواڵگری و سیخوڕی بەکاریان هێناوە بریتی بووە لە هەواڵگری ئاسمانی، مەبەستمان لەوە بریتی بووە لە باڵندەی (کۆتری نامەبەر) (حمام الزاجل)کە لەشام و عێراق واناسرابوو، تەنانەت نرخەکەی زۆر گران بوو، ئەم باڵندەیە لە شوێنی دوورەوە پەیامەکەی هەڵدەگرت و دەیگەیاندە شوێنی مەبەست و لەوێشەوە وەڵامی دەگەیاندەوە شوێنی خوازراوەوە(الثعالبي، 1985/ 468)، لە لایەکی دیکەشەوە کۆتری نامەبەر زووتر هەواڵەکانی دەگواستەوە بەراورد لەگەڵ پۆستە چی(هەواڵگر)(القلقشندي، د.س، ج14/ 447)، دیارە ئەمەش لە ڕووداوە لەپڕو خێراکاندا بەکار دەهات بەتایبەت لە کاتی شەڕدا(نەبەز مەجید، ب،س/ ل311)، لەم ڕاوانگەشەوە بووەیهیەکان شارەزابوون لە بەکار هێنانی کۆتری نامە بەر هەروەك ( بختیار عز الدولة)(356-367ك/966-977ز) میری بووەیهیی لەگەڵ دایك و خوشکەکانی پلانیان داڕشتبوو هەرکات فەرمانی تورکەکانی بۆ نووسین وانیشان بدەن (بختیار عز الدولة) مردووە و پرسەی بۆ بگێڕن و کاتێك (سبکتکین الحاجب) (م:364ك/974ز) هاتە لایان دەست بەسەری بکەن کاتێك (بختیار عز الدولة) تورکەکانی گرت، بە کۆتری نامەبەر نامەیەکی نارد و ئەوانی لە ڕووداوەکە ئاگادار کردەوە(ابن الاثیر، 1997، ج7/ 317)، ئەوەتا ئاڵو گۆڕی نامەکان لە (الرقة) و (الموصل) بۆ بغداد و(واسط) بوو لەگەڵ (البصرة) و (الكوفة) لە ڕێگەی کۆتری نامەبەر دەکرا لەماوەی شەو ڕۆژێکدا(الثعالبي، 1985/ 468؛ محمد حسين الزبيدي، 1969/ 95)، وەك ئەوەی لەماوەی دەسەڵاتی (عضد الدولة)(338- 372ك/949-982ز) کۆتری نامەبەری بەکار هێناوە بۆ گواستنەوەی هەواڵ لە نێوان شاری بغداد و (الکوفة)دا(سبط ابن الجوزي، 2013، ج18/ 121).

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان ئەوە بەدیکراوە کەوا سوڵتان (مسعود)(527- 547ك/1132-1152ز) کۆتری نابەری بەکارهێناوە بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری بەسەرکردە سەربازیەکانی لەناوچەکانی دیکەی سنوری دەسەڵاتیەوە(عمادالدين الأصبهاني، 345/2019) ئەوەی جێگەی سەرنجە بوەیهیەکان لەکات و ماوەی جیاوازدا گرنگی و بایەخی تایبەت دراوە بە کارگێری نامە بەری و سیخوڕیەکان. ئەوەتا کاتێك (عضد الدولة) نوێنەرایەتێك دەنێرێت بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی شاری (مەککە)، دەستەیەك لە پیاوانی عەرەب دەستدەگرن بە بەسەر ووشترەکانی نێردراوانیدا، پرسیار لە قەفەزێك دەکات کەبەسەر پشتی ووشترێکەوەیە، هەواڵکرەکەش پێ دەڵێت کە ئەمە کوتری هەواڵنێرە لە لایەن (عضد الدولة) وە پێمدراوە ووتی ئەگەر عەرەبەکان سەرپێچیان کرد کۆترەکە هەڵفرێنە تا هەواڵم پێبگات(سبط ابن الجوزي، 2013، ج17/ 559)، هەروەها هاتووە کەوا بەهۆی بەرکەوتەو ململانی نێوان هەندێ لە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان هەواڵنامەکانیان بەشێوازی نهێنی لە ڕێگەی کۆتری نامەبەریەوە بەکارهێناوە بە مەبەستی دەست بەسەرکردن و قوڵبەستکردنی کاربەدەستی دیکە(الصابي، 2003، ج7/ 45). ئەمە

ئەوە دەردەخات کەوا بویهیەکان ڕشت بوونە لەسەر لایەنی نامەبەری و سیخوڕکاری و تەنانەت بەوردی چاودێی ئەو بابەتەیانکردووە پشتیان بە ئەنجامەکانیان بەستووە بۆ وەرگرتنی هەڵوێست لە کاتی گونجاو پێویستدا.

لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بەتایبەت ئەتابگیەکان گرنگیدان بە کۆتری نامە بەر داوە، ئەوەتا لەمر بارەیەوە دەگوترێت (نورالدین محمود الزنكي)(541-569ك/1146-1174ز) بۆ گواستنەوەی هەواڵنامەکان کۆتری نامەبەری لەتەواوی سنوری ووڵات و قەڵاکان و تا (همدان) دانا، تەنانەت هەندێك لە نووسراوانەی کە لە ڕێگەی کۆتری نامەبەرەوە دەگوزاریەوە بۆ یەکە سەربازیەکان بوو، کە بە مەبەستی بانگێشت کردن بووە بۆلای، ئەوانیش ئامادە دەبوون (سبط ابن الجوزي، 2013، ج21/ 173)، تەنانەت فرمانی کرد کە لەهەمان ڕۆژدا هەواڵنامەکان بگاتە دەستی، ئینجا ئەرکەکانی لە ئەستۆی ئەو کەسانە دانابوو کە بەرپرسیارن لە دامەزارند و پارستنی، لەگەڵ دابینکردنی دەسهات و پادشتی ئەرکەکەیان بۆیان(ابن الاثير، 1997، ج9/ 370).

ئەوەی تێبینی کراوە لەماوەی دەسەڵاتدار بووەیهیەکان هەواڵنامە و سیخوڕیەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ میردا بوونە(الروذراوي، 2003، ج6، 7/ 40، 41)، لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان لەگەڵ ئەوەی وەزیر (نظام الملك)(م:485/1092ز) وا بە پێوست دەزانی کە دەبێت نامە بەر و هەواڵگریەکان ڕاستەوخۆ پەیوەست بکرێ بە سوڵتانەوە، بەوەی دەربارەی کارەکانیان بێجگە لە سوڵتان نابێت هچ کەس پێبزانێت(2007/ 112)، چونکە (نظام الملك) (م:485ك/1189ز)وەزیری سەلجوقی بۆ پاراستنی سوڵتان تۆڕێکی سیخوڕی تەرخان کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێت تەنانەت هەموو کاربەدەستانی وڵات بخاتە ژێر چاودێری و دەسەڵاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی ئەوەی ئەو هەواڵگرو چاودێرانە سەردانی سنور و ناوچەکانی ووڵات بکەن و ئاگاردابن لە زانیاریەکان و ڕووداوەکانی ناوچەکان(ارڤن روزنتال، 215/2020).

ئەوەی لێرەدا پێوستە بگوترێت کە لەماوەی هەردوو دەسەڵاتداری بوەیهیەکان و سەلجوقییەکان کارگێری هەواڵنامە و سیخورکاریەکان جێگەی سەرنج و بایەخدانی زۆر بووە لە سیستەمی فەرمانڕەوای و کارگێڕیاندا، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی ئەو بایەخدان و پێشکەوتنە لەماوەی فەرمانڕەاویی میرو سوڵتانەکاندا بەدیدەکرێت، دەشێت بڵێن ئەمەش پەیوەست بووە بە هێزو پێکەی ئەمیرو سوڵتانەوە، وەك ئەمیر (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) بووەیهی و سوڵتان (سنجر بن ملكشاه) )(511-552ك/1117-1157ز) سەلجوقی کە پێگە و دەسەڵاتیان لەو پەڕی هێزو توانا دابووە، بۆیە ئەمر بایەخدانە بەڕۆنی لەکارەکایناں ڕەنگی داوەتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە سەلجوقییەکان بەتایبەت وەزیرەکەیان (نظام الملك) (485ك/1189ز) لە بە شێکی کتێبەکەی(سیاست نامە)دا ئاماژە بە گرنگی و سودی سیستەمی کارگێڕی نامەکان و هەواڵنامەکان دەکات، لەنێو ئەمانەشدا سود بینین لە ئەزمونی کارگێڕی نامەکان و هەواڵگری بوەیهیەکان بەتایبەت ماوەی دەسەڵاتداری میر(عضد الدولة) بووەیهیدا.

## دووەمر: کارەکانی هەواڵنامەو سیخوڕییەکان

### 1 - چاودێری کردنی بەرپرسانی دەوڵەت:

هەربۆیە دەست بەسەرداگرتن و خستنە ژێردەستی کاروباری هەواڵنامەکان لە لایەن بووەیهیەکانەوە جێگەی سەرنج بووە، لەبەر ئەوەی دەرکیان بە ڕۆڵی ئەمر دامەزراوە گرنگە کردووە، کە کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی دەسەڵات و هەموو کایەکانی هەبووە، لەمر ڕوانگەشەوە سەرنجی خۆیان چڕکردۆتەوە لەسەر بەرەوپێشبردنی ئەمر ئەرکە کارگێریە تا ئەو پەڕی، تەنانەت خەڵکیی سڵی دەکردەوە لە وتەکانیاندا ، دەیان گوت دیوارەکان بە گوێن(ابن الجوزي، 1992، ج14/ 294؛ سبط ابن الجوزي، 2013، ج17/ 557؛ نسرين محمود علي، 2010/ 46).

بەهەمان شێوە لە ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان وەك ئەوەی (البيهقي) بەمر شێوە ئاماژە کردووە :((سیستەمی هەواڵگری لە ماوەی دەسەڵاتداری غەزنەوییەکان وردبوو، بۆیە کاتێك وەزیر(نظام الملك) (485ك/1189ز) ئامۆژگاری سوڵتانەکانی سەلجوقی دەکات بەوەی کە پەیرەوەی سیستەمی هەواڵگری غەزنەویەکان بکەن، هەربۆیە سەیر نەبوو لە پەیرەو کردنی ئەمر شێوازە لایان)(1999/ 17). تەنانەت وەزیر(نظام الملك) لەمر بارەیەوە ئەوەی خستۆتە روو کەوا ئەو کارە وردو قورسە دەبێت بەکەسێك بسپێردرێت کە جێگەی متمانەو بڕوا پێکراوبن بە زمان و قەڵەمەکانیان بەدوای ئامانج و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان نەکەون لەبەر ئەوەی باش بوونی وڵات و تێکچوونی تاڕادەیەك پەیوەستە بەوانەوە (سیاست نامە، 2012، ص 109)، هەروەها خۆی هەڵسا بەدانانی کەسانێك لە لای خۆی بەسەر هەواڵنامەکاندا کەوا جێگەی متمانەو باوەڕی خۆی بوون لەگەڵ پێدانی ساڵانە بە بڕی حەفتا هەزار دینار(ابن السمناني، 1984ج1/ 23).

دەگووترێت (معز الدولة) (334-356ك/945-966ز) بووەیهی یەكەم میرە كەوا هەڵگری نامەی هەواڵهێنەكانی دانا(ابن الجوزي، 2013، ج17/226؛ ابن الوردي، 1996، ج1/282؛ ابن تغري بردي، د.س، ج3/283)، بەمەش كەسانێكی بەكار هێناوە بە هۆی پێوستی پێیانەوە بۆ ئەوەی بیانكاتە ئێوەندێك بۆ پەیوەندی نێوان خۆی و براكەی( ركن الدولة بن بويه)(334-366ك/945-976ز) لە *(الري)و مەبەست لەم كارەشی گەیاندن و ئاگادار بوون بووە لە هەواڵ و رووداوەكان لەنیوان خۆی براكەیدا(التنوخي، 1971، ج4/217، 218؛ ابن الوردي، 1996، ج1/282؛ القلقشندي، د.س، ج1/162؛ السيوطي، 2004/ 286)، چونكە ئەركی خاوەن پۆستەكان لەو كاتدا وەك سیستەمی هەواڵگری سەردەمی ئیستا وابوو، وەك چۆن بووەیهیەكان سوودیان لێوەرگرتووە لەزانینیی هەواڵی میرنشینی هەرێمەكانی دەورو بەر(عادل عاجل ، 127/2015)، بۆ ئەمەش (معز الدولة) (334-356ك/945-966ز) هەڵساوە بە دابینكردنی ئازوقەو مووچە بۆیان، تەنانەت دوو لەمانە زۆر بەناو بانگ بوونە، یەكێكیان ناسرا بوو بە(مرعوش) ئەوەی دیكەیان (فضل) بوو،(التنوخي، 1971، ج4/ 217، 218؛ ابن الجوزي، 1992، ج14/ 226؛ 2007/ 219) ئەو دووانە لە دانیشتوانی شاری بغداد بوون (مرعوش) شیعە مەزهەب بوو ئەوەی دیكەیان سونی مەزهەب بوو(ابن الاثير، 1997، ج7/ 267- 268 ) كە هەریەكەیان ماوەی سی فەرسەخ و نیویان دەبڕی لە یەك ڕۆژدا، ئەمەش لە هەڵاتی خۆرەوە تا ئاوا بوونی خۆر بووە(التنوخي، 1971، ج4/ 217، 218؛ ابن الجوزي، 1992، ج14/ 226؛ 2007/ 219، سبط ابن الجوزي، 2013، ج17/ 226)، بەمەش بووە خولیا لای گەنجان و خەڵكی هەژار قبوڵی ئەوەیان بوو كە منداڵەكەیان ڕادەستی (معز الدولة) (334-356ك/945-966ز) بكەن بۆ ڕاهێنانیان(سبط ابن الجوزي، 2013، ج17/ 226)، چونكە (معز الدولة) كارو باری هەڵگری نامە و هەواڵهێنەكانی ڕێكخست و پارەیەكی زۆری پێدان، بە مەبەستی وەرگرتنی هەواڵەكان بەخێرایی(ابن الاثير، 1997، ج7/ 267 ).

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتی سەلجوقییەكان هاتووە كەوا خودی سوڵتان پەیوەستكراوە بە بەوەی نامەبەر(سیخوڕ)كان ڕاستەخۆ هەڵبژێرێت، تەنانەت موچەكانیان لە گەنجینەوەی دەوڵەتەوە پێبدریت بۆ ئەوەی دەرونیان ئارام بێت و نابێت جگە لە سوڵتان هیچ كەسێك بەئەركەكانیان بزانێت(نظام الملك، 2012، ص101) هەروەها سوڵتان ( سنجر بن ملكشاه)( (سنجر بن ملكشاه)(511-552ك/1117-1157ز) بڕە پارەیەكی زۆری بۆ كاروباری نامەبەری لە ناوچەكانی وڵات خەرجكردووە، بۆ ئەوەی لە هیچ هەواڵێك بێ ئاگانەبێت(القلقشندي، 1985، ج2/ 37).

لەماوەی دەسەڵاتدار بووەیهیەكان كاتێك نامەكان دەگەیشتنە دەستی میری بووەیهیی سەیری دەكردو گرنگەكەی هەڵدەبژارد و ئەوانی دیكەشی ڕەوانەی دیوانی نامە و برید دەكرد و، بەسەر لایەنە پەیوەندارەكاندا دابەشدەكرا، زۆر جاریش بە ئامادەبوونی میری بووەیهیی دەخوێندرایەوە، هەندێك جاریش میری بووەیهیی فەرمانی دەكرد بە نووسەرەكەی بەوەڵامدانەوەی ئەوانەی كە گرنگیان كەمترە، دوای ئەوە مۆر دەكرا دەنێردرا بۆ دیوانی نامەبەری، ئەگەر پێویست بوایە دەنێردرا بۆ شوێنی خوازراو(الروذراوري،2003، ج6، 32/7، 33)، هەروەها ئەم نووسراوانە ڕێزبەند دەكران و ژمارەو نەخشەو نووسراوەكانی هاتوو ڕۆیشتوو و ناوی خاوەنەكانیشی تێدا تۆمار دەكرا هەڵدەگیرا(الروذراوري، 2003، ج6، 30/7)، بەڵام لە ماوەی دەسەڵاتدار سەلجوقییەكان و بەتایبەت سوڵتان (الب ارسلان) (455-465ك/1063-1072ز) پیشەی هەواڵنامەكانی (صاحب البريد)هەڵوەشاندۆتەوە(نظام الملك الطوسي، 107/2007).

لە ماوەی دەسەڵاتداری بووەیهییەكان ئەوە میری بووەیهی چاودێری گەیشتنی نامەكانی لەكاتی دیاریكراو دەكرد، تەنانەت ئەگەر هاتوو نامەبەر دوا بكەوتبوایە ئەوا سزای توندی كەم تەرخەمان دەدرا(الروذراوري، 2003، ج6، 29/7)، تەنانەت بۆ زانیاری هەواڵی گەیشتووی نێوان( بغداد) و (شیراز) لە ڕێگەی نامەبەر وە ماوەی حەوت ڕۆژی دەخایاند(ابن الجوزي، 1992، ج14/ 293؛ سبط ابن الجوزي، 2013، ج17/ 557).

گووتراوە كاتێك هەندێك سەربازی تایبەت تورك، لە ڕێگەی هێزەوە هەوڵی سەرپێچی كاری و خۆ سەپاندن دەدەن، بۆ سەر نووسەری وڵات، دوای ئەمە هەر زوو لەلایەن هەواڵگریەوە، هەواڵەكە بە (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) دەگات، هێشتا نووسەرەكە كارەكەی تەواو نەكردبوو، سەربازە تایبەتەكەی توركەكان بانگێشت كراو سزا دار دەركرا(الروذراوري، 2003/ ج6، 32/7، 33)، ئەمەش ئاماژەیەكی روونە لەسەر گرنكی و بایەخی ئەم ئەركە لە لایەن (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) ی بووەیهییەوە. لەبەر ئەوەی میرە فەرمانڕەوا یەكەمەكانی بووەیهیەكان گرنگی و بایەخی تایبەتیان داوە بە (سیخوڕی) تەنانەت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە میرەوە هەبوو(حسن إبراهيم حسن، 1996، ج3/ 274؛ هيام عيسى، 61/1993)، هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەكانە ئەوابەپێچەوانەی دەسەڵاتداری بووەیهیەكان بووە. ئەویش پیشەی هەواڵنامەكانی هەڵوەشێندراوەتەوە(نظام الملك الطوسي، 107/2007).

له‌ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری بووه‌یهیه‌كان ئه‌وه‌ به‌دیكراوه‌ كه‌وا سیخوره‌كانیان ته‌نها په‌یوه‌ست نه‌كراوه‌ به‌ سنوری ده‌سه‌ڵاتیانه‌وه‌ به‌ڵكو هه‌واڵگرو سیخوره‌كانیان بۆ ناوچه‌ دوره‌كانیش ڕه‌وانه‌ كردووه‌، هه‌روه‌ك ئه‌وه‌ی (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) كه‌ به‌وته‌ی (نیزام الملك)(م:485ك/1092ز) له‌ میره‌ بووه‌یهییه‌كان هیچ كام بێدارتر و گه‌وره‌تر به‌ پێشبین تر له‌و نه‌بوونه‌( 112/2007)، به‌ڵكو (عضد الدولة) سیخوری خۆی بۆ ناوچه‌ دوره‌ ده‌سته‌كانیشی ڕه‌وانه‌ كردبوو(الروذراوري، 2003، ج6، 7/40-41)، ڕه‌نگه‌ ئامانج له‌م كاره‌ی (عضد الدولة) بۆ ئه‌وه‌بێت كه‌ بسلمێنێت خاوه‌ن هێزو ده‌سه‌ڵاتێكی ڕه‌هایه‌ له‌سه‌ر ئاستی جیهانی ئیسلامدا وه‌ ئاگاداری هه‌لوێست و گۆڕانكاریه‌ جۆراوجۆره‌كان بووه‌ تایبه‌ت له‌روی سیاسی تا سنوری ده‌روه‌ی ده‌سه‌ڵاتی.

ئه‌وه‌ جێگه‌ی سه‌رنجه‌ میری بووه‌یهی(عضد الدولة) ڕاسته‌و خۆ چاودێری و سه‌رپه‌رشتی هه‌واڵگری و سیخوڕه‌كانی كردووه‌. ته‌نانه‌ت به‌ر له‌ویش (معز الدولة)(م:356ك/966ز) له‌كاتی ڕووبه‌ڕووبونه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ *(ناصر الدولة) ئاماژه‌ به‌ بوونی هه‌واڵگریه‌كانی ده‌كات، بۆ هێنان و ده‌سته‌به‌ركردنی زانیاری پێیان(التنوخي، 1978، ج4/ 109)، ته‌نانه‌ت كه‌سانی تایبه‌ت هه‌بوون كاری هه‌واڵگری و سیخوریان بۆ میری بووه‌یهی كردووه‌ هه‌روه‌ك (أبو القاسم ابن كبشة) تایبه‌ت ئه‌م ئه‌ركه‌ی بۆ میر (عضد الدولة) كردووه‌(الروذراوري، 2003، ج6، 7/ 50)، هه‌روه‌ها جگه‌ له‌ میری بووه‌یهیی هه‌ندێك كات وه‌زیری بووه‌یهی هه‌ڵساوه‌ به‌دانان و ناردنی سیخوڕ بۆ لای نه‌یاره‌كانی به‌مه‌به‌ستی وه‌رگرتنی زانیاری له‌ سه‌ر ژماره‌وهێزیان(بن نظام عقیلی، 89/1364).

هه‌وره‌ها سوڵتان (سنجر بن ملكشاه)(511-552ك/1117-1157ز) هه‌ڵساوه‌ به‌ دانانی (سیخور)، به‌سه‌ر ناوچه‌كانه‌وه‌ مه‌به‌ستیش له‌م كاره‌ی بۆ ئه‌وه‌ی هه‌واڵ و زانیاری ده‌رباره‌ی نه‌یاره‌كانی ده‌سته‌به‌ر بكات، له‌ كاتێكدا ماوه‌ی نێوانیان پێنج ڕۆژه‌ ڕێگا بووه‌، تا ئه‌وه‌ی له‌ ڕێگه‌ی ئه‌م هه‌واڵگرانیه‌وه‌ توانی ده‌ستی پێان بگات و كۆتاییان پێی بهێنێت، چونكه‌ هیچ هه‌واڵ و زانیارێكی لێ نه‌ده‌شێردرایه‌وه‌ له‌ لایه‌ن سیخوڕه‌كانیه‌وه‌(ابن الاثیر، 1997، ج8/447؛ النویري، 2002، ج374/26، القلقشندي، 1985، ج2/ 36-37)، هه‌روه‌ها سوڵتان (محمد طبرك بن ملكشاه)(498-511ك/1104-1117ز) دوای گه‌یشتنی به‌ *(أصفهان) توانی له‌ ڕێگه‌ی سیخوڕه‌كانیه‌وه‌ له‌ خراسان بگات به‌ نه‌یاره‌كانی و ده‌ست به‌سه‌ریان بكات(عمادالدین الأصفهاني، 272/2019). ئه‌وه‌ی جێگه‌ی سه‌رنجه‌ له‌ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری بووه‌یهیه‌كان به‌هۆی ئه‌وه‌ی وه‌زیر (محمد بن محمد بن بقیة) (م:367ك/977ز)متمانه‌ی به‌ میری بووه‌یهی (عز الدولة بختیار) (356-367ك/966-977ز) نه‌بوو له‌ هیچ بارودۆخێكدا، بۆیه‌ هه‌واڵگری به‌سه‌ریه‌وه‌ دانابوو(مسكویه، 2002، ج6/ 202، 203)، هه‌رچی ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری سه‌لجوقییه‌كانه‌، ئه‌وا هیچ وه‌زیرێك ده‌سه‌ڵاتی نه‌گه‌یشتۆته‌ ئه‌و ئاسته‌ی بتوانێت هه‌واڵگری به‌سه‌ر سوڵتانه‌وه‌ دابنێت. به‌ڵام ئه‌مه‌ به‌و مانایه‌ نایه‌ت كه‌وا ڕێگری كرابێت له‌ گه‌یشتنی زانیاری له‌لایه‌ن هه‌واڵگریه‌كانیه‌وه‌ ئه‌وه‌تا كاتێك (عماد الدین الزنكي)(م:541ك:11446) كاربه‌ده‌سه‌ت بوو له‌دوای باوكی به‌سه‌ر موسل و ده‌وروبه‌ریدا(ابن الاثیر، 1997، ج8/ 601؛ أبو الفداءـ د،ت، ج227/2)، ڕێگه‌ی نه‌داوه‌ به‌ هه‌واڵگری سوڵتانی سه‌لجوقی به‌ زانین و ئاگاداربوون له‌ زانیاری وه‌رگرتن لیێ، به‌ڵكو خۆی چاوه‌دێری هاتن و چوونیشیانی ده‌كرد، ته‌نانه‌ت ڕێگه‌ی نه‌ده‌دا هیچ كه‌سێك له‌گه‌ڵیان كۆببێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی هیچ هه‌واڵ و زانیارێكیان پیێ نه‌درێت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی لای وابوو كه‌وا سوڵتان سته‌م ده‌كات(ابن واصل، 1957، ج103/1).

## 2- چاودێری كردنی پرسی گشتی:

كاروباری هه‌واڵنامه‌و سیخوڕیه‌كان له‌ لایه‌ن بووه‌یهیه‌كانه‌وه‌ جێگه‌ی سه‌رنج بووه‌ ئه‌وه‌تا له‌ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری (عضد الدولة) جگه‌ له‌ چاودێری كردنی به‌رپرسانی ده‌وڵه‌ت، هه‌ڵساوه‌ به‌ دانانی هه‌واڵنامه‌و سیخوڕیه‌كان به‌سه‌ر پرسی گشتیشه‌وه‌ له‌مانه‌ش دانانی هه‌واڵنامه‌و سیخوڕیه‌كان به‌سه‌ر ڕێگه‌ بازرگانیه‌كانه‌وه‌، ته‌نانه‌ت به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ یه‌كێك له‌م سیخوڕانه‌ یه‌كتر بناسن ته‌نها به‌نیشانه‌و ووشه‌ی نهێنی یه‌كتریان ده‌ناسیه‌وه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی هیچ پرسیارێك له‌ یه‌كتر بكه‌ن(الروذراوري، ج6-7/40 -41).

هه‌رچی ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتداری سه‌لجوقییه‌كانه‌ وه‌ك ئه‌وه‌ی له‌كتێبی (سیاست نامه‌) هاتووه‌ ووتویه‌تی:((پێوسته‌ هه‌وڵگری(سیخور) له‌ هه‌موو شوێنێكی ووڵاتدا هه‌بێت، ئه‌وانیش له‌به‌رگ و پۆشاكی بازرگان و گه‌شتیار و سۆفی و فرۆشیاری كه‌ل و په‌ل و ده‌روێشیدا، بۆ گواستنه‌وه‌ی هه‌موو هه‌واڵێك كه‌وا گوێبیست ده‌بن، بۆ ئه‌وه‌ی سه‌ركرده‌كان هیچ شتێكیان لا شاراوه‌ نه‌بێت، له‌كاتی خوێدا ڕێكاری پێویستی به‌رامبه‌ر بگرنه‌ به‌ر)(نظام الملك الطوسي، 112/2007)، چونكه‌ زۆرێك له‌ والی و كار به‌ده‌ست و میره‌كان كینه‌و یاخی بوونیان هه‌بوو به‌رامبه‌ر میر و سوڵتانه‌كان له‌ مه‌ڵاس دابوون لێیان، به‌ڵام هه‌واڵگره‌كان ئه‌مه‌یان ئاشكرا ده‌كرد و گه‌وره‌كانی خۆیان لێ ئاگادار ده‌كرده‌وه‌، بۆیه‌ هه‌ر له‌كاتی خوێدا هێرش ده‌كرایه‌ سه‌ریان و ئامانج و پیلانه‌كه‌یان پوچه‌ڵ ده‌كرایه‌وه‌(نظام الملك الطوسي،112/2007)، كارێكی دیكه‌ی ئه‌م هه‌واڵگریانه‌ بریتی بووه‌ له‌ ئاگاداربوون له‌بارودۆخی ده‌ره‌وه‌و سه‌ر سنوره‌كان، كه‌ هه‌واڵی هێرشی ده‌ره‌كی ده‌گه‌یانده‌ گه‌وره‌كانیان بۆ ئه‌وه‌ی ئاماده‌كاری بكه‌ن بۆ به‌رگریكردن، له‌سه‌ر ئاستی ناوه‌خۆش ئه‌وا گه‌وره‌ی

وڵات لە هەڵوێست و ڕووداوە باش و خراپەکانی ناو کۆمەڵگا ئاگادار دەکرایەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری پێویست و گونجاو لە بارەیەوە بدات، هەروەك ئەوەی میر(عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) بووەیهی ئەنجامی دابوو(نظام الملك الطوسي، 112/2007)، هەروەها هاتووە لەماوەی دەسەڵاتی (بهاء الدولة)(379-403ك/989-1012ز) هەواڵنامەو سیخوڕیەکان لەسەر پرسی گشتییەوە دانراون بۆ چاودێرکردنی ماڵ و سامانی هاوڵاتیان و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەن مافەکان، هەروەك لەماوەی دەسەڵاتی (عمید الجیوش)(م:401ك/1010ز) هەواڵنامەو سیخوڕیەکان بەدوای میراتگری پیاوێکی مردووی سەر بەئاینی مەسیحیەوە دەبن ماڵ و سامانەکەی بۆ میراتگرەکانی دەگێڕنەوە(ابن الجوزي، 1992،ج15/79-80)

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان وەزیر (نظام الملك) (م:485ك/1092م) لە هەموو شارێکدا پیاوێکی ورياو پاکی بۆ چاو دێری والی و دادوەرو کاربەدەست دانابوو، بۆ ئەوەی بزانێت کارمەندەکان و هاوکارەکانیان چۆن کار دەکەن و ڕاستەخۆ هەواڵیان پێبدات، تەنانەت لە هەڵبژاردنی کارمەندەکاندا ورد بووە، بەو پێیەی ئەوەیانی زانستی هەبوایە و دەست پاك بوایە ئەوەی هەڵبژاردووە، تەنانەت بۆ پیشەی هەواڵگری لەبەر گرنگی و هەستیاری کارەکە، خەڵکانێکی هەڵبژاردووە کە گومانیان پێنەبرێت، لەلایەن خودی سوڵتانەوە دادەنران(101/2007)،

بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەلاتداری سەلجوقییەکان کاری هەواڵگری لە هێنانی زانیاری سەربازیدا بەدیکراوە، وەك ئەوەی لە ماوەی دەسەڵاتی سوڵتان (مسعود بن محمد بن ملكشاه)(527-547ك/1132-1152م)دا (سبط ابن الجوزي، 2013/ ج19/386)، لەم ڕوانگەشەوە هەرکەسێك سەیری کتێبی (سیاست نامه) بکات و بیخۆێنێتەوە، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی پەیوەستە بە هەواڵگری و (سیخوڕ)ی و شێوازەکانیەوە، ئەوا بۆی دەردەکەوێت، کە وەزیری سەلجوقییەکان چۆن گرنگیی زۆری بە ڕێکخستنی کارگێڕی هەواڵگری سەلجوقییەکان داوە، بێگومان ئەم گرنگی دانەش لەگەڵ سروشت و لۆژیکی بارودۆخەکە یەکدەگرێتەوە کە دەوری ئیمپراتۆریەتەکەی و، سیستەمە ئالۆزەکەی دابوو بە هۆی فراوانی سنوری ئەو ناوچانەی کە فەرمانڕەوایی تێدیا دەکرد.

هەروەها هەر لە ماوەی دەسەڵاتداری بوەیهیەکان ئاماژە بەوە دەکرێت کەوا میر (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) تەنانەت سخوڕی دانابوو بەسەر بەڕێوەبەرانی دامو ودەزگاکانی خزمەتگوزاریەوە، وەك ئەوەی کاتێك (عضد الدولة) پارەیەکی زۆری تەرخانکرد بۆ دروستکردنی بەندوا لە عێراق، بە کەسانێکی سپاردو پابەندی کردن بە پاراستن و چاودێری کردنی، بۆ ئەمەش هەواڵگری بەسەریانەوە دانابوو، بەمەش پەیوەست کرابوون بە باش رایکردنی ئەرك و بەرپرسیاریەتەکەوە (الروذراوري،2003، ج6، 45/7)، هەروەها (نظام الملك) (م:485ك/1092م) لە گێڕانەوەیەکیدا موکوڕبوون و پێداگری (عضد الدولة) (338- 372ك/949-982ز) بە نمونە دەهێنێتەوە لەسەر هەواڵنامەو سیخوڕیەکانی لەسەر پرسی گشتی ئەویش بەدواداچوونی بووە لەڕێگەی هەوڵنامە و سیخوڕیەکانیەوە بۆ گێڕانەوەی ماڵ و دارایی بۆ کەسانی ستەم لێکراو لە لایەن کەسانی خاوەن دەسەڵات(2007/ 116-118) بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان وەزیر (نظام الملك) (م:485ك/1092م) لە هەموو شارێکدا پیاوێکی وریاو پاکی بۆ چاو دێری والی و دادوەرو کاربەدەست دانابوو، بۆ ئەوەی بزانێت کارمەندەکان و هاوکارەکانیان چۆن کار دەکەن(نظام الملك الطوسي،101/2007)، تەنانەت سوڵتان (محمود بن محمد بن ملكشاه)(511- 525ك/1117-1130) زۆر گرنگی بەم لایەنەداوە ڕۆژانە خۆی دانیشتووەو چاودێریکردووە(همذانی، بی،ت / 73). ئەوەتا لە کاتی چوونی سوڵتان (محمود بن ملكشاه) لە بغدادەوە بۆ(همذان) هەواڵگرەکانی لە خوراسانەوە گەیشتنە لای و لە هەواڵ و ڕووداوەکانی ناوچەکە ئاگاداریانکردووە، چونکە سوڵتان هەواڵگری بەسەر ناوچەکانەوە دانابوو(عمادالدين الأصفهاني، 272/2019)، هەورەها گوتراوە هەواڵنامەو سیخوڕیەکەی (نیظام الملك) لە پشتەوەی بووە تەنانەت سەربازێك لەسەربازە سەلجوقییەکان وەك سێبەر بەدوایەوە بوو بۆ ئەوەی وەك ڕەشەبا لێی بدات لەهەر کەسێك کەوا سیخوڕەکە کە بەسەری پەنجەکانی ئاماژەی بۆدەکات(ابن السمناني، 1984ج1/ 126). ئەوەی لێرەدا پێویستە بگوترێت کەوا لەگەڵ گرنگی بایەخدان ببووەیهیەکان بەبەڕێوەبردنی کارگێیری هەوالنامەکان و سیخوڕییەکان بەهەموو لایەنەکانیەوە بەهەمان شێوە دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان گرنکێکی زۆریان بە لایەنی هەواڵنامەو سیخوڕییەکان داوە بۆ ئاگاداربوون گەیشتنی زانیاری پێیان.

**ئەنجامەکان:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتوین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. کاروباری کارگێری و بەڕێوەبردنی  هەواڵنامەو سیخوڕیەکان لە لایەن بووەیهیەکانەوە جێگەی سەرنج بووە، لەبەر ئەوەی دەرکیان بە ڕۆڵی ئەم دامەزراوە مەترسیدارە کردووە، بەهەمان شێوە هەر لەسەرەتای ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان بایەخیان بەم یەکەکارگێریە دراوە.

2. لەماوەی دەسەڵاتداری بوەیهیەکان کارگێری  هەواڵنامە و سیخوریەکان ڕاستەخۆ لە ژێرسەرپەرشتی و چاودێری میری بووەیهیەکانەوە بوو تەنانەت خودی میری بووەیهیەکان دەست پێشخەربوو لە دانان و دامەزراندنی کەسانی متمانە پێکراوی خۆیان و ڕاسپاردنی ئەم ئەرکە پێیان، هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە لەسەرەتادا ڕۆڵی وەزیر(نظام الملك) زیاتر دەرکەوت بە خستەرووی پێشنیار بۆ سوڵتانی سەلجوقی بەمەبەستی دامەزراندنی هەواڵنامە سیخوڕیەکان لە هەموو شوێنێکی ووڵاتدا و، بە پێویستیان زانی کەوا هەواڵنامەو سیخوریەکان پەیوەست بکرێن بە سوڵتانەوە، بەو پێیەی کارەکانیان جگە لە سوڵتان نابێت هیچ کەس بیزانێت.

3. لەماوەی دەسەڵاتداری بوەیهیەکان هەواڵنامەو سیخوڕیەکان بەرپرسانی دەوڵەت و بەڕێوەبەرانی کاروبار پێسپێردراوانەوە دانرابوو کە مەبەست لێ ئاگاداری لەباش ڕایکردنی کاروبارەکانیان بووە، هەرچی ماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکانە لە هەموو شارەکان کەسێکیان وەك چاودێر بەسەر والی و کاربەدەستان دانابوو، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو سیخوڕانەوە هەواڵ و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان پێی بگات و بیزانن.

4. بووەیهیەکان پێشەنگ بوون لە دانانی هەواڵنامەکان بۆ ئەمەش هەندێك لە میرەکانیان هەڵساون بە تەرخانکردنی بڕەپارەیەکی زۆر و دابینکردنی ئازوقە بۆ هەواڵنامە و سیخوڕەکانیان، بە هەمان شێوە هەندێك لە سوڵتانە سەلجوقییەکان برە پارەیەکی زۆریان تەرخانکرد بوو بۆ کارو باری هەواڵنامە و سخوریەکانەوە.

5. هەواڵنامەو سیخوڕیەکان لە ماوەی دەسەڵاتدار بووەیهیەکان جیاواز دەرکەوتووە لە میرێکەوە بۆ میرێکی دیکە دەکرێت بگوترێت بەهێزترین ماوەی بەڕێوەبردنی کارگێڕی هەواڵنامە و سیخوڕیەکان ماوەی دەسەڵاتداری (عضد الدولة) بووەیهی بووە کەوا لەم ماوەیەدا ئەم یەکەکارگێریە گەیشتۆتە لوتکە، هەرچی ماوەی دەسەڵاتدار سەلجوقییەکانە وەك دەرکەوێت کەوا سوڵتانە یەکەمینەکان ئەو یەکە کارگێریەیان پەراوێز خستبوو تا هاتنی وەزیرەکەیان(نظام الملك) پێگەو بایەخی هەواڵنامە سیخوڕیەکانی جێگیرکرد لە نێو سیستەمی کارگێڕی وڵات و چەندین سوڵتان ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕاوەیەتیان لە ڕیگەی بایەخدان بەم یەکەکارگێڕییە درێژکردۆتەوە.

6. لەماوەی دەسەڵاتداری بووەیهیەکان هەوڵنامەو سیخوڕیەکان چاودێری کردنی بەرپرسانی دەوڵەت ئەگەر کاری لە پیشینە بێت لەلایەن بەشێك لە میرە بووەیهیەکانەوە ئەوە چاودێری کردنی پرسی گشتیش هیچی وای کەمتر نەبووە لە دانانی هەواڵنامە سیخوریەکان بەسەر یانەوە کەمەبەست لی بۆ بەدواداچوون و چاوەدێریکردنی بووە. بەهەمان شێوە لەماوەی دەسەڵاتداری سەلجوقییەکان لەگەڵ  چاودێری کردنی بەرپرسانی دەوڵەت لە ڕێگەی هەواڵنامە و سیخوڕیەکانیانەوە ئەوە هاوکات بایەخی تایبەتیان داوە بە چاودێری کردنی پرسی گشتییەوە  لە ڕێگەی هەواڵنامەکانیانەوە لە بەڕێوەبردن وچاودێریکردنیان.

**5- پێناسەکان**

1-5 شیراز:شارێکی گەورەیە دەکەوێتە هەرێمی فارس. یاقوت الحموي،1995،ج1. ج3، / 380.

2-5 أبو محمد الحسن ناسناوی ناصر الدولة ابن أبي الهيجاء عبدالله بن حمدان، دوای کوژرانی باوکی بەرپرسیاریەتی شاری موصلی پێدەبەخشرێت لەلایەن خەلافەی عەبباسیەوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (323- 358ك) تاوەکو مردنی  لە(934-968ز)دا. (ابن خلكان، 1994، ج2،/ 114، 116؛ النويري، 2002، ج26/ 129).

3-5 اصفهان: لە شارە بەناوبانگەکانی هەرێمی چیاکانە ناوەکەشی دەگرێتەوە بۆ نەوەی پێغەمبەر نوح(س.خ) لێبێت. (ياقوت الحموي، 1995، ج1/ 206).

4-5 . الري: یەکێکە لە شارە بەناو بانگەکان دەکەوێتە هەرێمی چیا. (یاقوت الحموي، 1995، ج3 /116).

## 6-سەرچاوەكان:

### 6-1سەرچاوە ڕەسەنەكان بە زمانی عەرەبی (المصادر العربية):


- ابن الاثير: أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد(ت:630هـ/1232م)
- الكامل في التاريخ، تحقيق، عمرعبدالسلام تدمري، دارالكتب العربي (1997:بيروت).
- الاصبهاني: أبو عبد الله عمادالدين محمد بن صفي الدين الأصبهاني(ت:597هـ/1200م)
- نضرة الفترة وعصرة الفطرة، تحقيق، عبدالله عبدالرحيم السوداني، الناشر جامعة الكوفة(لبنان: 2019م).
- البيهقي: أبو الفضل محمد بن حسين البيهقي(ت:470هـ/1077م)
- تاريخ البيهقي،ت، يحيى خشاب، صادق نشات، دار الطباعة الحديثة(مصر:1999م).
- ابن تغري بردي: يوسف بن تغري بردي  بن عبدالله الظاهري(ت:874هـ/1469م)
- النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، دار الكتب(مصر:د.ت).
- التنوخي: المحسن بن محمد بن علي بن محمد(384هـ/994م)
- نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة،(د.م:1971م).
- الفرج بعد الشدة، تحقيق، عبود الشالجي، دار صادر (بيروت: 1978م).
- الثعالبي: عبدالملك بن محمد بن إسماعيل ابو منصور(ت:429هـ/1037م)
- ثمار القلوب قي مضاف والمنسوب، تحقيق، محمد أبو الفضل، دار المعارف (القاهرة: 1985م).
- ابن الجوزي: أبو الفرج عبدالرحمن بن على(ت/597هـ/1200م)
- المنتظم في تاريخ الأمم والملوك،تحقيق، محمد عبدالقادر،مصطفى عبدالقادر،دارالكتب العلمية(بيروت:١٩٩٢).
- شذور العقود في تاريخ العهود، تحقيق، أبو الهيثم الشهباني و أحمد عبد الكريم، مركز نجيبوية للمخطوطات وخدمة التراث (دم: 2007م).
- ابن خلكان: شمس الدين أبو العباس أحمد بن إبراهيم(ت:681هـ/1282م)
- وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق، إحسان عباس، دار صادر (بيروت:1900م).
- سبط ابن الجوزي: أبو المظفر شمس الدين يوسف بن قزو اغلى(ت:654هـ/1256م)
- مرآة الزمان في تواريخ الآعيان، تحقيق، محمد بركات،كامل محمد، دار الرسالة العلمية(دمشق:2013).
- السمناني: علي بن محمد بن احمد أبو القاسم الرحبي(ت: 499هـ/1105م)
- روضة القضاة وطريق النجاة، تحقيق، صلاح الدين الناهي، مؤسسة الرسالة(بيروت: 1984م).
- الروذراوري: أبو شجاع ظهير الدين محمد بن الحسين بن محمد(ت:488هـ/1059م)
- ذيل تجارب الامم، دار الكتب العلمية (بيروت: 2003م).
- السيوطي: عبدالرحمن بن أبي بكر جلال الدين السيوطي(ت:911هـ/1505م)
- تاريخ الخلفاء، تحقيق، حمدي الدمرداش،مكتبة نزار مصطفى الباز(مكة: 2004م).
- الصابي: أبي الحسين هلال بن الحسن بن إبراهيم(ت:448هـ/1056م)
- تاريخ الصابي، الحق بذيل تجارب الامم للروذراوري، دار الكتب العلمية(بيروت: 2003م).
- القلقشندي: أحمد بن علي بن أحمد الفزاري(ت:821هـ/1418م)
- مآثر الإناقة في معالم الخلافة، تحقيق، عبد الستار أحمد، مطبعة حكومة الكويت( الكويت: 1985م).
- صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، دار الكتب العلمية (بيروت:د،س).
- مسكويه: أبو علي مسكوية الرازي(ت:421هـ/1030م)
- تجارب الامم وتعاقب الهمم ،تحقيق، أبوالقاسم إمامي، ط2، الناشر سروش، (2000:طهران).

- النويري: أحمد بن عبدالوهاب بن محمد عبد الدائم القريشي(ت:733هـ/1332م)

- نهاية الأرب في فنون الأدب، دار الكتب الوثائق القومية(القاهرة: 2002م).

- ابن واصل:محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم(ت:697هـ/1297م).

- مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، تحقيق، جما الدين الشيال، دار الكتب والوثائق القومية(القاهرة: 1957م).

- ابن الوردي: عمر بن مظفر بن عمر بن محمد ابن ابي الفوارس(ت:749هـ/1348م).

- تاريخ ابن الوردي، دار الكتب العلمية(بيروت: 1996م).

- نظام الملك الطوسي: الحسن بن علي بن إسحاق الطوسي(ت:485هـ/1092م)

- سياست نامه،ت، يوسف بكار، دار المناهل (بيروت:2007م).

- ياقوت الحموي:شهاب الدين أبوعبد الله ياقوت بن عبد الله الرومي(ت:626هـ/1228م)

- معجم البلدان، دار صادر(بيروت:1995م) .

**- 6 -2 سەرچاوەكان بە زمانی فارسی:**

- عقيلی: سيف الدين حاجي بن نظام عقيلی (ت: بعد 1050ه/1460م).

- آثار الوزرا(1364ه،ش).، تصحيح وتعليق، مير جلال الدين الحسيني ارموی، چ2، مؤسسة اطلاعات،تهران.

- -همداني: رشيدالدين فضل الله (ت:718هـق/ 1318م).

- جامع التواريخ (تاريخ آل سلچوق)( بی.ت)، تصحيح وتحشيه، محمد روشن، مركز تحقيقات كامپوتری علوم اسلامی، تهران.

**-2-7 ژێدەرەكان بە زمانی عەرەبی (المراجع باللغة العربية):**

- روزنتال، ارڤن(2020م) الفكر السياسي الاسلامي في العصور الوسطي، ت، أحمد محمود ، أسامة شفيع، مركز نماء للبحوث والدراسات، بيروت.

- -بيتر آن دوزي، رينهات(2000م) تكملة المعاجم العربية، ترجمة، محمد سليم ، جمال الخياط، وزارة الثقافة والإعلام،العراق.

- حسن، إبراهيم ،حسن(1996م)تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي، دار الجيل، بيروت.

- روضان، عادل عاجل(2015م)المؤسسات الإدارية البويهية في العراق، رسالة الماجستير منشورة، مقدمة الى جامعة مؤتة ،الاردن.

- الزبيدي، محمد، حسين(1969م) العراق في العصر البويهي، التنظيمات السياسية والادارية والاقتصادية 334-447ك/ 945-1058م، دار النهضة العربية، القاهرة.

- علي، نسرين، محمود(2010م)التجسس وصاحب الخبرفي العصر العباسي، الدار العربية للموسوعات بيروت.

- عيسى، هيام(1993م) البريد في في العصور الاسلامية نشأة تطوره أغارضه، رسالة اعدت لنيل شهادة الدبلوم،الجامعة البنانية،بيروت.

**-8- 2 سەرچاوەكان بەزمانی كوردی:**

-ئەمين ،نەبەز، مەجيد(ب،س)هەواڵگری لەسەردەمی سەلاحەدينی ئەيوبيدا، و، كمال غەمبار، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە(هەولێر).

**إدارة الاستخبارات والتجسس في عهد السلطتين البويهية و السلجوقية في العراق وإيران**

**(334-590ك/945-1191ز)**

**هوشمند بابير عثمان**

قسم تاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق

hoshmand.othman@su.edu.krd

**اكو برهان محمد**

قسم تاريخ،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،أربيل،اقليم كوردستان،العراق

ako.muhamad1@su.edu.krd

**الملخص**

هذا البحث بعنوان (إدارة الاستخبارات والتجسس في عهد السلطتين البويهية و السلجوقية في العراق وإيران) (334-590ك/945-1191ز) يلقي الضوء على نظام حكم الإداري للسلطه البويهيه والسلجوقيه والطرق التي سلكوها في تنظيماتهم الإدارية في المناطق. التي حكموها من العراق وايران من خلال تنظيماتهم ألاخبارية والتجسسية، ولا سيما بعدما اتسعت مناطق نفوذهم لتوسع حكمهم واختلاطهم بالقوميات والشعوب المختلفة، والغاية من اهتمامات السلطتين بادارة الاستخبارات والتجسسوتطويرها هو جمع المعلومات حول المعارضين والقضاء على نشاطاتهم .

**الكلمات المفتاحيية** :استخبارات،التجسس،البويهية،السلجوقيية ، أمير،السلطان.

**Management and Organization of letters and Intelligence Work during the Rule of the Buyids and Seljuks in Iraq and Iran**
**(334-590 AH / 945 -1191 AD)**

**Hoshmand Bapir Othman**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hoshmand.othman@su.edu.krd

**Ako Burhan Mohammed**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ako.muhamad1@su.edu.krd

**Abstract**
This research is entitled (Management and organization of letters and intelligence work during the rule of the -1191 AD) It introduces us to the system of 945 590 AH /334-Buyids and Seljuks in Iraq and Iran) the ( governance and administration of both powers and presents a picture of their management. Espionage and intelligence had its own important position in the system of governance, administration and management, which is due to the extent of their power, on the other hand, mixed with a number of different nations that had local power and management under the shadow of the Abbasid caliphate.

The aim of developing this system was to gather information from their opponents and eliminate their hostile activities against the authorities and their administration.

**Keywords**: Intelligence, espionage, Buwahid, Saljuk, Prince, Sultan.